# کەسێتی لە ڕۆمانە مێژووییەکانی جان دۆست دا، بە نمونەی ڕۆمانی (میرنامە، سێ هەنگاو و سێدارەیەک)

**گزنگ حەسەن ڕەسوڵ عزیز[١]، محمد دلێر ئەمین[٢]**
[١،٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: gzng.rasul@univsul.edu.iq

**پوختە:**
مێژووی ڕۆمان بە زنجیرەیەك لە گۆڕانكاریی و ئاوێزانبوونی لەگەڵ ژانرەکانی دیکەی ئەدەب تێپەڕییوە،ئەمەش بووە بەهۆی پەیدابوون و ئاشنابوونی خوێنەر بە چەند جۆرێکی نوێی ڕۆمان ،ئەوەش بەهۆی زیندوێتی و کاریگەری ئەم ژانرەوەیە لەسەر ژانرەکانی دیکەی ئەدەب ،کە تەنانەت هەندێك جار سنوری ژانر ئەدەبییەکانیشی بڕیوە ،ئاوێتەی بەشێکی دیکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان بووە،لەوانەیش زانستی مێژوو. لێرەوە خوێنەری ڕۆمان بە جۆرێکی نوێی ڕۆمان ئاشنا دەبێت،کە ئەویش (ڕۆمانی مێژووی)یە،کە بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژووی یاخود باسکردن لە کەسایەتییەکی مێژووی لە بۆتەی ژانرێکی ئەدەبی وەك ڕۆماندا،واتە هاوشان لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوە مێژوویەکە ڕۆماننووس تەکنیك و ڕەگەزە هونەریەکانی نووسینی ڕۆمان فەرامۆش ناکات،بەڵکو دەیەوێت لەگەڵ گێڕانەوەی ئەومێژووەدا ،چێژێی تایبەت بە خوێنەر ببەخشێت،کە خوێنەر هەست بەوە بکات کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە مێژووەیەکی پەتی نییە بەڵکو گێڕانەوەیەکی مێژوویە بەڵام لەڕێگەی تەکنیك ورەگەزە هونەرییەکانی ڕۆمانەوە گێڕدراوەتەوە،نمونەی ئەم جۆرە لە ڕۆمانی مێژوویی لە نێو ئەدەبی کوردیدا تا ئێستا بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگی پێنەدراوە،بەڵام هەوڵی هەندێك لە ڕۆمانووسان لەم بوارەدا جێگەی سەرنجە وشایەنی لێکۆڵینەوەیە،لەو ڕۆماننووسانەش (جان دۆست),کە چەند ڕۆمانێکی مێژووی نووسیوە ،کەئێمە لێرەا لێکۆڵینەوەمانکردووە لەسەر هەر دوو ڕۆمانی (میرنامە) کە باسی کەسێتی مێژووی گەلی کورد( ئەحمەدی خانی )دەکات،هەروەها ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەك )کە باس دووایین شەوی ژیانی (شێخ سەعیدی پیران)دەکات،وەك کەسێتییەکی مێژووی ،لە ڕێگەی فلاشیباکەوە دەگەڕێتەوە بۆ باسکردی سێ قۆناغی ژیانی،کەئەوانیش (منداڵ و هەرزەکاری(ئاشقبوون) پاشان قۆناغی هەڵگیرسان و شکستهێنانی شۆڕشەکەیە)کە ئەم سێ قۆناغە هاوشانی سێ هەنگاوی بەردەم سێدارەکە.

**کلیلی وشەکان:** کەسێتی ،ڕۆمانی مێژوویی ،ئەحمەدی خانی،شێخ سەعیدی پیران

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٦ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٣/٢٨ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٥/١٩ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | gzng.rasul@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢١ گزنگ حەسەن ڕەسوڵ، پ. د. محمد دلێر ئەمین، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

